# بەردی سروشتی بۆ بینا

# بەردی سروشتی بۆ بینا

**لە لایەن ئەندازیاری شارستانی**

**ڕێپێدراو ( تێبین عبدالقادر محمود )**

**ئامادە کراوە**

# پێشەکی

کوردستان ئەو نیشتمانەیە کە لە دێر زەمانەوە خەڵکی تیادا ژیاوە , وە چەندین شارستانیەت لەم ولأتەدا گوزەریان کردوە, وە یەکەم گوندی کشتوکاڵیش کە مرۆڤ بۆ یەکەم جار خانووی تیادا دروست کردوە ئەم نیشتمانەی ئێمە بووە , وە لەو کاتەوە تا ئیستا کاروانی بیناکردن و ئاوەدانی لەم ولأتەدا نەوەستاوە , وەئەوەشی کە یارمەتی ئەمەی داوە جگە لە گورج و گۆڵی دانیشتوانەکەی سروشتی ئەم ولأتەیە لە جۆری ئاو وهەواو خاك و بوونی چەندین کەرەستەی سروشتی بووە بۆ بیناکردن وەك: گڵی شیاو , بەرد . گەچ , قسڵ , دار , قامیش , وە هی تر .

وە یەکێك لە گرنگترین ئەو کەرەستە سروشتیانەی کە بۆ مەبەستی دروستکردنی خانو و وە دامەزراوەکانی تر بەکار هێنراوە و ئیستاش بەکار دێت بەردی سروشتیە کە بەشێوەیەکی زۆر بڵاو لە کوردستاندا هەیە و لە دێر زەمانەوە بەکارهێنراوە بە تایبەتی لە ناوچە شاخاویەکان ئەویش لەبەر بە ئاسان دەسکەوتنی و ئاسان بەکار هێنانی و پاشانیش لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە کەرەستەیە بەرکریەکی باشی هەیە و لە توانایدایە خۆی رابکرێت بەرانبەر کەش و هەوای نالەبار وەك بەفر و باران و .... هتد

بۆیە منیش ویستم لە توێژینەوەکەمدا باسی ئەم سەرچاوە لە بن نەهاتوەی کەرەستەی بیناکردنە بکەم وە جارێکی تریش خەڵکی رووبکەنەوە بەکارهێنانی لە بری بەکار هێنانی بلۆکی کۆنکریتی کە لە زۆربەی ڕوەکانەوە بەرد شیاوترە . وە هیوادارم توێژینەوەکەم سود بە گشت لایەك بگەیەنێت بە تایبەتی چینی ئەندازیاران.

***جۆرەکانی بەرد :**

بە شێوەیەکی گشتی بەرد سێ جۆرە :

١- بەردی ئاگرین :

ئەم جۆرە بەردە لە رەق بوونی مادە تواوەکانی ژێر زەوی پێك هاتوە و وە پێشی دەوترێت بەردە یەکەمیەکان وە بە شێوەیەکی گشتیش لە سلیکا پێك هاتووە.

٢- بەردی نیشتوو :

ئەم جۆرە بەردە لە ئەنجامی نیشتنی دەنکۆڵەی جۆرەکانی تر دروست بووە پاش نیشتنیان لە سەر ڕووی زەوی .

٣- بەردی گۆڕاو :

ئەم جۆرەیان لە ئەنجامی گۆڕانی دوو جۆرە بەردەکەی ترەوە دروست بووە کە سیفاتە فیزیایی و کیمیاییەکانی بە تەواوی گۆڕراون و جۆرێکی تریان لێ دروست بووە.



گرنگترین جۆرەکانی بەردی بینا :

١– بەردی گرانیت :

بەردێکی زۆر ڕەقە و بەرگریەکی زۆری هەیە بەرامبەر لێك خشاندن بۆیە بەزۆری بەکاردێت بۆ ئەو شوێنانەی کە توشی هێزی shear دەبێتەوە یان دیواری هەڵگر و لێواری شەقامەکان وهەروەها لەبەر شێوە جوانەکەی .

٢–بەردی بازلت : لە دروست کردنی خانوودا بەکاردێت .

٣–بەردی سپی :

جۆرێکی کلسیە و بە زۆری لە پارێزگای سلێمانی و بە تایبەتیش لە سەرچنار و دوکان هەیە بۆ دروست کردنی دیواری هەڵگر بەکاردێت بە شێوەی ئاسایی یان بە نەقاری .

٤–بەردی حەلان :

ئەم جۆرەیان بۆ جوانکاری خانوو لە دیوی دەرەوە بەکاردێت و بەزۆریش لە ناوچەی باعەدرێ لە نزیك شاری دهۆك هەیە.

٥–بەردە گەچ :

بەکارهێنانی ئەم بەردە ئیستا زۆر کەمە بەڵام جاران زۆربەی دیواری خانووی ماڵان و بینا حکومیەکانیش بەم بەردە دروست دەکرا بە بەکارهێنانی گەچ بەتایبەتی لە شاری کەرکوك و دەوروبەری .

٦–بەردی سەلسال :

زیاتر لە پیشەسازیدا بەکار دێت وەکو چیمەنتۆ.

وە جگە لەمانەی باسکرا چەندین جۆری تریش بەردی بینا هەیەو کاتی خۆی لە دروست کردنی خانووی گوندنشیەکان و شارەکانیشدا زۆر بەکار دەهاتن.

## * تایبەتمەندیەکانی بەردی بینا :

بۆ ئەوەی هەستین بە بەکارهێنانی بەردی سروشتی بە مەبەستی دروستکردنی بینا ئەوا پێویستە لە سەرەتادا بزانین ئەو تایبەتمەندیانە چین کە دەبێت لە بەردی بینادا هەبن . وە ئەمانەی خوارەوە کۆمەڵێك مواسەفاتن کە پێویستە لە بەردی بینادا هەبن :

١- توانای هەڵمژینی ئاو :

هەرچەندە توانای هەڵمژینی ئاو لە بەردەوە کەمتر بێت ئەوا مانای وایە جۆرەکە باشترە و وە ئەم توانای هەڵمژینەش پەیوەندی هەیە بە رێژەی مەساماتی بەردو بوونی کانزا قوریەکانی (المعادن الطينية ) ناو بەردەکەوە هەیە کە هەرکاتێك بەرد دووچاری ئاو بوو یان ئاوی ناو چیمەنتۆی مژی ئەوا دەبێتە هۆی گۆرینی ڕەنگەکەی و نەگونجانیشی , وە ئەم ڕێژەی هەڵمژینە لە نێوان ٠,٥ بۆ ١٢ ٪ وە بە پێی مواسەفاتی ستانداردی ئەمریکی ASTMC٩٧ نابێت ئەم ڕێژەیە تێپەر بێت لە ٣٪ و ٤,٣٪ وە ٧,٥٪ بۆ هەریەکە لە جۆری A ,B,C

٢- کێشی جۆری (الوزن النوعی ) :

پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان کێشی جۆری و توانای هەڵمژینی ئاو لە لایەن بەردەوە , هەرچەندە کێشی جۆری کەم بێت ئەوا توانی هەڵمژینی ئاو زیاتر دەبێت و ئەمیش کاردەکاتە سەر جۆری ئەو بەردە .

مواسەفاتی ستانداردی ئەمریکی ASTMC٩٧ کێشی جۆری بەم شێوەیە دیاری کردوە بۆ بەردی جۆرەکانی A ,B,C وە بەم شێوەیە : ٢,٥٦ , ٢,٤٥ , ٢,١٦

٣-بەرگری لە شکاندن :

مواسەفاتی ستانداردی ئەمریکی ASTMC٩٧ بەرگری لە شکاندن (مقاومه الكسر ) ی بەم شێوەیە داناوە بۆ هەر سێ جۆری A ,B,C :
٢٨ , ٤٧ , ٥٥

٤–بەرگری shear :
هەنێك جار وا پێویست دەکات کە ئەم تایبەتمەندیەش لە بەرچاو بگیرێت بەتایبەتیش بۆ ئەو شوێنانەی کە توشی هیزی (قص) دەبێتەوە وە بۆ ئەم مەبەستەش هاوکۆلکەی پچراندن بەکار دەهێنرێت کە مواسەفاتی ستانداردی ئەمریکی ASTMC٩٧ بەم شێوەیە داناوە بۆ هەر سێ جۆری A ,B,C :
٣,٤ , ٥,٢, ٦,٩

**٥-بەرگری لە خورانەوە (مقاومه التاكل):**
**ئەم تایبەتمەندیەش ڕەنگ دانەوەی بەرد نیشان دەدات بەرامبەر بە فاکتەرەکانی کەش و هەوا و روشاندن و داخورانی تر وە ستانداردی ئەمریکی ASTMC٩٧ بەلانی کەم ١٪ داناوە بۆ هەرسێ جۆرەکە .**

**٦– ڕەقی بەرد :**
**وەك ئاشکرایە بەردی ڕەق باشترە , وە ڕەقێتی بەرد پەیوەندی هەیە بە بوونی کانزا قورپیەکانی ناوی و کریستال بوونی , زۆری کریستاڵی دەبێتە هۆی بەهێز بوونی پێکهاتەی بەرد.**

**٧–ڕەنگی بەرد : باشترین رەنگ بۆ بەردی بینا رەنگی سپیە کە ڕەنگێکی باوە و هەروەها نیشانەی باشی جۆری بەردەکەش دەردەخات بە تایبەتی**

بەردە کلسیەکان , لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کەس حەز بە هەندێك رەنگی تر دەکەن وەکو زەرد و سوور.

٨= یەك رەنگی : لە ڕووی تەلارسازیەوە ئەو بەردە جوانترە کە یەك رەنگ بنوێنێت لەو بەردەی کە چەند ڕەنگێك پیشان دەدات.

٩–نەبوونی درز و بۆشایی و کەلێنی هەوایی یان کەلێنی پڕ لە کانزای کالسایت caco۳ نیشانەی باشی جۆری بەردە.

* * *

لە کۆتایدا هیوادارم خزمەتێکی ئەگەر بچوکیش بێت کردبێتم بە توێژینەوەی ئەندازیاری لە بواری شارستانیدا وە ئەوە بە پێویست دەزانم کە بە هەموو ئەندازیار و بەڵێندە ر و هاولاتیان ڕابگەیەنم کە ئاوڕ لەم سامانە سروشتیەی وڵاتەکەمان بدەنەوە و جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە کەرەستەیە وە بە شێوەیەکی فراوانتر و نەك هەر لە رووی ئینشائیەوە بەڵکو هەوڵ بدەین واجیهەی خانوو و بیناکانیشمان بە کەرەستەی سروشتی جوانی کوردستان بڕازێنینەوە و کەلتور و کەلەپوری میلەتەکەشمان لە لەناوچون بپارێزین .